# هەرکەسێک درۆ بەناوی منەوە بکات ؛ ئەوا با شوێنێک بۆ خۆی دابنێت لە دۆزەخدا

لە ئەبی هوڕەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت:
«هەرکەسێک درۆ بەناوی منەوە بکات ؛ ئەوا با شوێنێک بۆ خۆی دابنێت لە دۆزەخدا».
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونیکردەوە هەرکەسێك بەئەنقەست درۆ بەناوی ئەوەوە بکات ؛ ئەمیش بەوەی فەرموودەیەك یان کردەوەیەکە بداتە پاڵی لەکاتێکدا ئەو نەیفەرمووە ونەیکردووە، ئەوا لە قیامەتدا شوێنێك بۆ ئەو کەسە درۆزنە دانراوە لە دۆزەخدا ؛ لەسزای درۆکردن بەناو پێغەمبەرەوە -صلى الله عليه وسلم-.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/65043